# چوار بەڵێنت پێدەدەم .. یەکیان "ماچ"ـە

پەسار
Pasar_pna@yahoo.com

### بەڵێنی یەکەم

وەرە ماڵمان
هەرچی سێو و پرتەقاڵ و هەنارمان هەیە
بە تۆی دەدەم
تەنانەت ئەو سێوە مێخەك ڕێژەی
لە جوانترین ڕۆژی عەشق پێم درا

### بەڵێنی دووەم

وەرە لام
تەنیام لە ماڵەوە
دایکم چۆتە بازاڕ
داوێك بۆ تەسبیحە پساوەکەی بکڕێت
وەرە کەس لە ماڵەوە نییە
ملوانکەکەی دایکم و
کتێبە کۆنەکانی باوکم بۆ تۆ

### بەڵێنی سێیەم

دەمێکە پاسارییەکی بریندارم لەلایە
ئێستا باڵەکانی تەواو چاك بۆتەوە
وەرە با بەیەکەوە هەڵیفڕێنین
با بەیەکەوە ئازادی ببینین

### بەڵێنی چوارم کە "ماچ"ـە

وەرە دوای خواردنەوەی پێکێ شەراب و

قوڵبوونە لە چاوەکانت و

هەڵمژینی هەناسەکانت

"ماچت" دەکەم